# سیناریۆی داڕشتنی دەستورو مافەکانی خەڵك

رێبوار ئەحمەد

کاتیك سیناریۆی گاڵتەجاری هەڵبژاردن هینرایە گۆرێ ئیمە ووتمان ئەمە پیلانیکە لە دژی هەموو خەڵکی عیراق بەریوەدەبریت. ئەمریکا دەیەوێ دریژە بە نەخشەی داگیرکاری خۆی بدات، ئیسلامو ناسیونالیزم وەکو دوو بزووتنەوەی سیاسی کۆنەپەرستانەو هاوکاری نەخشەی ئەمریکا، دەیانەوێ بە خزمەتکردنی سیاسەتی ئەمریکاو کەلك وەرگرتن لە وەزعی کارەساتباری ئیستا، دەسەلاتو بەدیلی خۆیان بەسەر خەلکدا بسەپینن. هەلبژاردن جگە لەم ئامانجە کۆنەپەرستانەی ئەمریکاو هیزە قەومیو دینیەکان، خزمەتی بە هیچ شتیکی تر نەکردوە. وەزعی نا ئەمنیو بیدەرتانی قولترکردوەتەوە، فەزای کۆنپەرستیو بیمافی پەرەپیداوە. لە هەمانکاتدا ووتمان ئەم سیناریۆیە کۆتی بێ مافی دەخاتە گەردنی خەلکی کوردستان، کوردستان دەگیریتەوە بۆ ژیرباری ئیلحاقی ئیجباری بە دەولەتی مەرکەزی عیراقەوە. ئەمە دەبیتە نرخی مسۆگەربوونی ئیمتیازاتیك بۆ حیزبەکانی ناسیونالیزمی کورد.

ئیستا پاش تیپەربوونی چەند مانگ بەسەر گالتەجاری هەلبژاردنو پیکهیاتنی حکومەتی تالەبانی- جەعفەری کە بە وشکەکەلەك پیکەوە نراوە. پیشبینیەکانی ئیمە بە تەواوی خۆی نیشانداوە. ئەم حکومەتە لە ئاستی سەراسەری عیراقدا جگە لە کۆنەپەرستی، جگە لە پەخشانەوەی هەژاریو بیدەرەتانیو پەرەپیدانی نا ئەمنی، هیچی دیکەی بۆ خەلك نەهیناوە. سەرباری ئەمەش بە شیوەیەکی درندانە دەستی داوەتە سەرکوتی خەلك، کوشتارو لە خوین هەلکیشانی خەلکی سەماوە نمونەیەکی زەقی ئەم سەرکوتەیە. ئەم حکومەتە بەم ماوە کورتە ئەو راستیەی سەلماندوە کە ناکۆکیەکی توندو کویرانەی لەگەل هەموو ئاواتو ئارەزوە پیشکەتوانەو سەرەتاییەکانی خەلکدا هەیە.

تا ئەو جیگایەش کە بە مافە تایبەتیەکانی خەلکی کوردستان دەگەریتەوە، خەریکە بە هەمان مەنتقی دەیان سالەی بەعس مامەلەی لەگەل دەکریت. ئەمرۆ ئەوە لە رۆژی رووناك ئاشکراترە کە فروفیشالی فیدرالیزمو بەندی 58 لە یاسای ئیدارەی عیراقو سەرۆك کۆماری تالەبانیو باقی زەمانەتەکانی دیکەی ناسیونالیزمی کورد، هیچ بایەخیکیان نیە. ئەمرۆ لە هەموو کات ئاشکراتر ئەوە دەبینریت کە ئەمانە بنەماو بابەتی شەروکیشەی کۆنەپەرستانەی قەومیە لە پیناو ئامانجەکانی ناسیونالیزمی کورددا نەك مافەکانی خەلکی کوردستان. ئەو ئامانجە ناسیونالیستیانەی کە هەمیشە لەلایەن هاوپەیمانە ئیسلامیو ناسیونالیستە عەرەبەکانیانەوە هەرەشەی لی دەکریتو هەرجارە بەشیکیو هەرجارە بە جۆریك پیێ لی دەخشینریت. دەستوری پیشنیارکراو بەلگەیەکی ئەم راستیەیە.

لە راستیدا سیناریۆی داڕشتنی دەستوری تازەی عیراق، پیلانیکی دیکەو هەنگاویکی دیکەیە، کە دوای گالتەجاری هەلبژاردن بەریخراوە لە پیناو سەپاندنی حوکمی قەومی-ئیسلامیو دابەشکردنی دەسەلات لە نیوان هیزەکانی ئەم بزووتنەوانەدا. کۆمەلگای عیراق لە نیو سیناریۆیەکی کارەساتباردا قەراری گرتووە، هەلومەرجو یاسای جەنگەل بەسەریدا زالکراوە، کیشەی سەرەکی ئەم کۆمەلگایە داگیرکاریو تیرۆریزمو تیکروخانی بنەماکانی ژیانی مەدەنیە. پیش چارەسەری ئەم کیشانەو بە بازدان بەسەر ئەمانەدا، ناکرێ یەك هەنگاو ئەم کۆمەلگایە بەرەو ئارامیو ئایندەیەکی باشتر ببریت. هەر نەخشەو پیلانیك، لەوانە هەلبژاردنو مەسەلەی دەستور، کە بیەوێ ئەصلی کیشەی ئەم کۆمەلگایە لەبەرچاوی خەلك بگۆرێ، دەیەوێ ئەم وەزعیەتە کارەستبارە دریژە بدات. بەم جۆرەش کۆمەك بە ئامانجی کۆنەپەرستانەی ئەو هیزانە دەکات کە بەرژەوەندی خۆیان لە قولبونەوەو دریژەکیشانی ئەم وەزعەدا دەبیننەوە. بە بروای من ئەمە بنەمای سەرەکی هەلویست وەرگرتنە لەو پرۆسەیەی کە بە ناوی "داڕشتنەوەی دەستوری تازەی عیراق" بەریخراوە. مەسەلەو کیشەی ئەصلی ئەمرۆی عیراق دەستور نیە، بەلکو کۆتایهینان بەداگیرکاریو جەنگو نا ئەمنیو زەمانەتی مافی خەلکە بۆ بریاردان لەسەر سیستەمی حوکمرانی. ئەمریکاو هاوپەیمانو دەستوپیوەندەکانی نەك مافی بریاردان لەسەر ئەمەیان نیە، بەلکو وەدەرنانی ئەوان مەرجی سەرەکی گیرانەوەی ئەم بریارەیە بۆ خەلك. لە هەمان کاتدا هەلومەرجی ئیستا هەلومەرجی داڕشتنو بریاردان لەسەر دەستوریك نیە کە مافو ئازادیەکانو ئامانجەکانی خەلکی تیایدا مسۆگەر بیت، بەلکو هەلومەرجی ئەوەیە یاسای جەنگەل بەسەر کۆمەلگادا فەرز بکریت. بەم بەلگانە دەبی پیش ئەوەی باس بگاتەسەر ماهیەتی فاشیانەی دەستوری پیشنیارکراو کە غەرقی کۆنەپەرستی ئیسلامیو شۆفینیزمی عەرەبیو قەومپەرستی کوردیە، ئەم سیناریۆیە بە گشتی بە ووینەی تەرحو پیلانیك کە بۆ مەرامی چەواشەکردنی خەلکو دورخستنەوەی خەلك لە مەسەلەو مەیدانی ئەصلی نەبەردو سەپاندنی حوکمی ئیسلامی-قەومیو زالکردنی یاسای جەنگەل بەریخراوە، مەحکوم بە شکستو ناکامی بکریت.

## مافەکانی خەلکی کوردستان

ناسیونالیزمی کورد دەیەوێ وا لە خەلکی کوردستان بگەیەنێ کە فیدرالیزمو بەندی 58و کۆمەلیك مەسەلەی پوچی دیکە، خواستو مافەکانی خەلکی کوردستان پیکدەهینن و زامنی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەن. بەم جۆرە دەیانەوێ جەماوەری خەلکی کوردستان بکەن بە زەخیرەی شەرو کیشەی کۆنەپەرستانە لە پیناو ئەو مەرامانەدا. بەلام لە واقعدا ئەو مەسەلانەی ناسیونالیزمی کورد بەدەستەوەی گرتوە، هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندیو ئامانجی خەلکی کوردستان، بۆ رزگار بوون لە هەلاواردنی قەومیو هەرەشەی ستەمی قەومیو ژیانیکی ئازادو بەختەوەرەوە نیە. بەلکە هەر هەموویان لە پیناو پاراستنی دەسەلاتی داسەپاوی ئیستای خۆیانو بەدەستهینانی کۆمەلیك ئیمتیازی زیاترە بۆ خۆیان، بە کەلك وەرگرتن لە وەزعی کارەساتباری ئیستای عیراق.

## فیدرالیزم

فیدرالیزم تەرحیکە بۆ ئەوەی سەرانی یەکیتیو پارتی هەم لە حکومەتی مەرکەزیدا بەشیان هەبیت، هەم حاکمی سەر خەلکی کوردستان بنو دریژە بەو فەسادی ئیداریو تالانو برۆو کۆنەپەرستیو سەرکوتە بدەن کە 14 سالە کۆمەلگایان پیی گیرۆدە کردوە. فیدرالیزم تەرحیکە بۆ قولکردنەوەی کیشەو شەری قەومی لە خزمەت ئەو مەرامانەی ناسیونالیزمی کورددا. هەرچۆن ئەمرۆ دەبینین لەهەر هەنگاویکی تازەدا کە هیزە قەومیو دینیەکان هەلیدەگرن، شەروکیشەیەك لەسەر فیدرالیزم پەرپا دەبیت، ئەگەر فیدرالیزم لە دەستورەکەشیاندا جیگای بکریتەوە، ئەوە هەموو رۆژیكو لە هەموو هاوسەنگیەکی تازەدا، خودی فیدرالیزمەکەو پیناسەکردنو سنورو دەسەلاتەکانی دەبیتەوە بنەمای شەروکیشە.

لە لایەکی ترەوە فیدرالیزمی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیزمی کورد بووە بە تەرحیك بۆ نقوم کردنی گشت کۆمەلگای عیراق لە کۆنەپەرستیدا. یەکیتیو پارتی لە پیناو مسۆگەرکردنی فیدرالیزمەکەی خۆیاندا، لە پشتی کۆنەپەرستانەترین بەدیلی سیاسی بۆ عیراق رادەوەستن. هەرچەندە جار جار بۆ خۆلکردنە چاوی خەلك خۆیان وەکو هیزی علمانی هەلدەخەن، بەلام ئامادەن لە پشتی دەستوری فاشیانەی ئیسلامیو قەومیەوە راوەستن، بەو مەرجەی فیدرالیزمو بەشە دەسەلاتی خۆیان بسەلمینرێ، ئامادەن لەگەل رەشترین هیزی ئیسلامی هاوپەیمانی بکەن بەو مەرجەی مەرامەکانی خۆیان مسۆگەربیت، ئامادەن کۆمەلگای عیراق بە ئیسلام ئالودە بکەنو لە کارەساتدا نوقمی بکەن بەو مەرجەی بەشی خۆیانی تیا مسۆگەر بیت. ئامادەن بچنەپشتی ئەوەی کە ژنانی عیراق بەدەردی ژنانی ژیردەسەلاتی تالیبانو جمهوری ئیسلامی ببرین بەو مەرجەی ئامانجەکانی خۆیان دابین بیت. ئەم هیزانە بە هەموویانەوە قەومیەتو تائیفەیان کردوە بە پیوانەو بنەمای مافی هاولاتیان، بۆ ئەوەی بەم جۆرە هەرکامیان خۆیان بەسەر خەلکی ناوچەیەکدا بسەپینن. لەسەر ئەم بنەمایە ناسیونالیزمی کورد هەر بەوجۆرەی کە خۆی کردوە بە دەمسپی خەلکی کوردستانو لە ژیر ناوی مافەکانی ئەواندا مەرامەکانی وەکو مەرجی ریککەوتن لەسەر دەستور دەخاتەروو، بە هەمان شیوە ئەوە بە مافی هیزە فاشیستە قەومیو ئیسلامیەکانی دیکەی عیراق دەزانی کە ئەوانیش لە ژیرناوی عەرەبی بوونو ئیسلام بوونی کۆمەلگای عیراقو شیعە بوونو سونی بوونی خەلکەکەیدا، ئەم کۆمەلگایە بە یاساو نەریتی دارزیوی ئیسلامیو ناسیونالیستی عەرەبی یەخسیرو گیرۆدە بکەنو هەر ناوچەیەکی بکەنە قەلەمرەوی دەسەلاتی تاقمیك لەم هیزە قەومیو دینیانە. هەریەك لەم هیزانە ئامادەن بە نرخی قەبلاندنی مەرامی کۆنەپەرستانەی خۆیان، سیتایشی کۆنەپەرستانەترین مەرامی هیزەکانی دیکە بکەن، بەم جۆرەش خەلکی عیراقو کوردستانو مافەکانیان دەکەنە قوربانی مامەلەو ساتو سەودای کۆنەپەرستانەی خۆیان.

## بەندی 58 لە یاسای ئیدارەی عیراق

مەسەلەیەکی دیکە کە ناسیونالیزمی کورد وەکو دەسکەوتیکی گەورە پیناسەی دەکاتو هەرای لەسەر ساز دەکات، بەندی 58 لە یاسای ئیدارەی عیراقە کە هەمان ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەو قەومپەرستانەی فیدرالیزمی هەیە. بەروالەت گوایە شیوەنەکە بۆ مافی خەلکی کوردزبانو دەرکراوەکانی کەرکوکە، بەلام ناوەرۆکی مەسەلەکە بە قوربانی کردنی دووبارەی ئەم خەلکەیە لەشەرو کیشەی قەومیدا لە پیناو بەشە دەسەلاتی ناسینالیزمی کورد. یەکیتیو پارتی دەیانەوێ ئاگری شەریکی قەومی مالویرانکەر هەلگیرسینن، کە تیایدا بە لیشاو خەلکی کوردزبانو عەرەبزبانو تورکزبان، بە پیچەوانەی بەرژەوەندیە واقعیەکانی خۆیانەوە دەبنە قوربانی. ناسیونالیزمی کورد بۆ چارەسەری کیشەی کەرکوك هەمان مەنتقی بەعس دەگریتەبەر. رژیمی بەعس خەلکی کوردزمانی بە زۆرەملیو سەرکوت لەو شارە دەرکردو خەلکی عەرەبزمانی هینایە جیگایان. ئیستاش ناسیونالیزمی کورد بە هەمان شیوە کەلك لە هەمو شیوەیەك وەردەگریت بۆ راونانی عەرەبزمانەکانو تەنانەت راگویزانی بە زۆری کوردزمانەکان لە شارەکانی دیکەوە بۆ کەرکوك تا بەم شیوەیە مۆری قەومیەتی کوردی بدات بە شاری کەرکوك.

بەلام سیاسەتیکی بەم جۆرە جگە لەوەی دژی ئینسانیەو دەیەوی ئاگری شەری پاکسازی قەومی خۆش بکات.لە هەمانکاتدا تەنها هەرەشە نیە لەسەر خەلکی عەرەبزبانو تورکزبانی کەرکوك، بەلکو بە هەمان رادە مەترسیەکی گەورە بۆ خەلکی کوردزبانی کەرکوكو هەموو شارەکانی دیکەی عیراق پیکدەهینێ. با بیهینینە بەرچاومان ئەگەر بەپیی فەرمایشەکەی نەوشیروان مستەفا پەلاماری عەرەبزبانەکانی کەرکوك بدریت، لە بەرامبەریشدا ناسیونالیزمی عەرەب بە هەمان مەنتق بکەویتە سازدانی میلیشیا بۆ کوشتاری خەلکی کوردزمان، سەرئەنجام چ کوشتارگایەك بۆ دانیشتوانی ئەم شارە بەرپادەبیت؟! چەند هەزار کوردزمانو تورکزمانو عەرەبزمان دەبنە خۆراکی ئەم شەرە؟ چ هاولاتیەك ئەمنیەتی بۆ دەمینیتەوە؟ بە فەرز ئەگەر لە شاری کەرکوك بە هۆی میلیشیاکانی یەکتیو پارتیەوە ناسیونالیزمی کورد دەستی بالای هەبیت، ئەی چی بەسەر کوردزمانەکانی حەویجەو سامەراو بغدادو ...بصرە دیت؟ بەراستی ئەم شەرە لەسەر چی؟ لەسەر کام ماف؟ لەسەر ئەوەی کە یەکیتیو پارتیو سەرانی ئەوان تیایدا حاکمبنو وەکوشارەکانی سلیمانیو هەولیر تالانو برۆی تیا بکەنو تیایدا ببن بە فیرعەون؟

## کیشەکانو ریگاچارەکانو مافەکانی خەلك

نە سیناریۆی هەلبژاردن، نە ساتو سەوداو هاوپەیمانی ئیسلامی سیعەو ناسیونالیزمی کوردو پیکیهنانی حکومەتی قەومی ئیسلامی، نە سیناریۆی داسەپاندنی دەستوری فاشیانەی قەومیو دینی، هیچ پەیوەندیەکیان بە مافەکانی خەلکی عیراقو کوردستانەوە نەبوەو نیە. ئەو دەستورە پیشنیاریەی کە تەرح کراوەو گوایە دەبی ئەو خەلکانەی هەویەی میللیو تائیفی لە نیوچەوانیان دراوە، بژاری بکەنو مافەکانی خۆیانی تیادا پەیدا بکەن، دەستوریکە کە جیاوازیەکەی لەگەل ئەوەی

بەعسدا تەنها لەوەدایە کە زیاتر کۆنەپەرستانەو فاشیانەیە. دەستوریك کە غەرقی ئیسلامو شوفینیزمو قەومپەرستی بیت، تەنها بە کەلکی زبلدانی میژوو دیت. جەماوەری خەلکی ئازادیخواز دەبی بۆ ناکام کردنەوەو بە شکست کیشانی ئەم حەلقەی دووەمی گالتەجاریە بینەمەیدان. ئەم سیناریۆیە هەلپیچنو خەباتیان لە پیناو مافو ئامانجە واقعیەکانی خۆیان پەرەپیبدەن.

مەیدانی واقعی نەبەردی خەلکی ئازادیخواز بریتیە لە بە شکست کیشانی ئەو هەولو پیلانانەی کە بۆ سەپاندنی دەسەلاتو دەستوری فاشیانەی قەومیو ئیسلامی بەگەرخراوە، خەبات بۆ کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، دەسکۆتاکردنی تیرۆریزمی ئیسلامیو ناسیونالیزم، پیکهینانی هەلومەرجیکی ئازادو ئارام کە لە سایەیدا جەماوەری خەلك بتوانن ئازادانەو ئاهانە بریار لەسەر سیستەمی حوکمرانی ئایندەی عیراق بدەن. لە پرۆسەی خەباتیکی بەم جۆرە هاتنە سەرکاری حکومەتیکی غەیرە قەومیو عەیرە دینیو مودیرنی پشت بەستو بە ئیرادەو دەخالەتی راستەوخۆی خەلك، دەتوانیَ کۆتایی بە سیناریۆی رەشی ئیستا بهینیَو ژیانو گوزەرانی مەدەنی بۆ کۆمەلگا بگیریتەوە. ئەمە ناوەرۆکی پلاتفۆرمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریو مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عیراقە بەرامبەر بە هەلومەرجی ئیستا، دەبیَ هیزی خەلك لەدەوری ئەمانە ریکخراوو یەکگرتوو لە مەیدان راوەستن.

تا ئەو جیگایەش کە بە مافەکانی خەلکی کوردستان دەگەریتەوە، نە فیدرالیزمو نە بەندی 58 و مانەوەی پیشمەرگە نەك هەر زامنی هیچ مافو ئایندەیەکی روناکترنین، بەلکو هەرکام لەمانە مایە دەردەسەریو بە قوربانی بوونی مافەکانی خەلکی کوردستانن. خواستی خەلكو بەرژەوەندی خەلك بیَ پیچو پەناو رونو راشکاو ئەوەیە کە لەسەراسەری ناوچە کوردنشینەکاندا، بە کەرکوكو شوینە تەعریب کراوەکانیشەوە، ریفراندۆمیکی ئازادانە بەرپابکریت بۆ ئەوەی ئەم خەلکە بریار لەسەر ئەوە بدەن کە ئایا دەیانەویَ لەگەل دەولەتی مەرکەزیدا بمیننەوە یان جیابنەوەو دەولەتیکی سەربەخۆ پیکبهینن. هەلبەت ئەگەر لە عیراقدا حکومەتیکی سکولاری غەیرە قەومیو غەیرە دینی لەسەر کاربوایە کە لە ناسنامەی قەومیو دینی کەسی نەپرسیبایەو لەسەر بناغەی هاولاتی بوون بە چاویکی یەکسان تەماشای هەموو دانیشتوانی بکردایە، ئەوکات هیچ پیویستیەك بە جیابونەوە نەبوو، خەلکی کوردستان دەیانتوانی هاوشان لەگەل باقی خەلکی عیراق بە ئاسودەیی بمیننەوە. بەلام لەم هەلومەرجەدا کە عیراق خراوەتە ناو گیژاوی داگیرکاریو شەرو کراوەتە بەخشیش بۆ تاریکستانی ئیسلامی سیاسی، هیچ بواریکی بۆ دەستبەربوونی مافو خواستەکانی خەلکی کوردستان تیا نەماوەتەوە. نە فیدرالیزمو نە هیچ مەرجیکی دیکە ناتوانیَ لە سایەی هەلومەرجیکی بەم جۆرەدا مافەکانی خەلکی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا زامن بکات. بۆیە ریگاچارە جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆیە.

مەسەلەیەی کەرکوکیش دەبیَ بە شیوەیەکی ئینسانیو بە ریگاچارەیەکی سیاسیو مسئولانە چارەسەر بکریت. رژیمی بەعس بە فاشیزمی خۆی بی خانەولانەیی خەلکی عەرەبزبانی بە بارمتەگرت بۆ بەرەوپیش بردنی سیاسەتی پاکسازی قەومی. سەندنەوەی تۆلەی سیاسەتی تەعریبی رژیمی بەعس لە هاولاتیانی عەرەبزبان، هەروەکو ئەوە وایە کە رژیمی بەعس لە تۆلەی شەری پیشمەرگەدا هاولاتیانی مەدەنیو خەلکی گوندەکانی کوشتارو ئەنفال دەکرد. ئەمەش برینیکی قولو لە ساریژ نەهاتوو لە جەستەی هەموو خەلکی عیراق هەلدەکەنیت. بەلام شاری کەرکوك وەکو هەموو شارە گەورەکانی دنیای هاوچەرخ دەکری شاری دانیشتنو پیکەوەژیانی هەموو ئەو خەلکانە بیت کە بە زمانی جۆراوجۆر قسە دەکەن. ئینسان بوونو هاولاتی بوون بنەمایە بۆ مافی نیشتەجی بوون، نەك زمانی قسەکردنو تائیفەو قەومو عەشیرەت. زەویو ئوکسجینو بەردی کەرکوك ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر بدریت بە هاولاتیان بەشی چەندبەرابەری هەموو ئەو خەلکە دەکات کە ئیستا لیی نیشتەجین، ئەگەر چەند یەکی نەوتە بەتالانبراوەکەشی بۆ بوژانەوەی شارەکە خەرج بکریت، دەتوانیَ ئاوو کارەباو مدرسەو نەخۆشخانەو باقی پیداویستیەکانی ژیان بە تیروتەسەلی بۆ هەموو دانیشتوانەکەی دابین بکات. هەر ئەمانەش پیوانەو بنەماکانی ژیانن نەك هەویەی قەومی. بۆیە نابیَ هیچ کەس بە هیچ بەهانەو هۆیەك بە زۆر لەو شارە دەربکریَ، هەموو هاولاتیان مافی دانیشتنی ئازادانەو یەکسانیان هەیە لە هەر شارو جیگایەکی وولاتدا. لە پەیوەند بە چارەنوسی کەرکوکیشەوە وەکو پیشتر رامانگەیاندوە، ئەگەر کوردستان جیابیتەوە، ئەوکات دەبیَ راپرسیەکی گشتی بە هەموو دانیشتوانی ئەم شارە بکریت سەبارەت بەوەی کە دەیانەویَ لەگەل دەولەتی مەرکەزی بن یان لەگەل دەولەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەوەی کە دەبیَ لەم راپرسیەدا بکریتە بنەما بۆ بریاری خەلك، نە قەومیەتەو نە دین، بەلکو ئەوەیە هەر کام لەم دوو دەولەتە مافو ئازادیو گوزەرانو بەختەوەری خەلك دابین بکەن، دەبی خەلکی کەرکوك ئەوەیان هەلبژیریَ.

## ناسیونالیزمی کوردو مەسەلەی ریفراندوم

بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی گشتیو ئازادانە بۆ راپرسی بە خەلکی کوردستان، ریگایەکە لەم دەورانەدا واتە بە دیاریکراوی لە سالی 1995ەوە لەلایەن حیزبی ئیمەوە خراوەتەروو. بە دریژایی ئەم چەند سالە کە هەمیشە فرسەت لە ئارادا بوە بۆ پیادەکردنی ئەم ریگاچارەیە، ناسیونالیزمی کورد بە گشتیو یەکیتیو پارتی بە تایبەتی، بە توندی لە دژی ئەم ریگاچارەیەو هەولی ئیمە لە پیناویدا راوەستاونەتەوەو جۆرەها ریگریان بۆ کاری ئیمەش پیکهیناوە.

بەلام ئەمرۆ دوای ئەوەی کە ئەم خواستە جەماوەری بوەتەوەو کەوتوەتە سەرزاری خەلك، ناسیونالیزمی کورد هەولیداوە بە جۆریك بە دەستەوەی بگریَ بۆئەوەی لەلایەکەوە بیکاتە فشار بە سەر هیزە ئیسلامیو قەومیە عەرەبیەکانی عیراقەوە بۆ قەبلاندنی فیدرالیزمەکەی خۆی. واتە وەکو فاکتەری فشار بەکاریدەهینتو دەلی خەلکی کوردستان داوای ریفراندۆم دەکەن بۆ جیابونەوە، بۆیە فیدرالیزمی ئیمە قبول بکەن بۆ ئەوەی بەر لە جیابونەوە بگیریَ. بەم مانایە فیدرالیزم تەرحیکە لە دژی جیابونەوەو بۆ بەرگرتن لەو. لەلایەکی ترەوە ناسیونالیزمی کورد خواستی ریفراندۆم بەکاردەهینیت بۆ هەلخراندنی خەلكو کردنیان بە لەشکری رەشی سیاسەتو ساتو سەودای خۆی. هەرکات لەگەل هیزە عیراقیەکانی دیکەدا بینەسەر مەسەلەکانی پەیوەست بە پیناسەو دیاریکردنی بەشەکانیان، بۆ نمونە: یاسای

ئیدارەی عیراق، هەلبژاردن، ئیستاش گالتەجاری دارشتنی دەستور، ناسیونالیزمی کورد "بزووتنەوەی ریفراندۆم"ەکەی دەخاتەگەر بۆ فریودانو هەلخراندنی خەلك، چەند رۆژ دوای ئەوە لە بەغدا سات‌وسەوداکەی تەواو دەکاتو ئیتر تا پیویستیەکی دیکە باسی ریفراندۆمو بزووتنەوەکەی دەپیچیتەوە.

لە واقعدا بزووتنەوەی کوردایەتی باوەری بە ریفراندۆم نیەو دژیەتی. بەلگەیەکی ئەمە ماهیەتو میژووی بزووتنەوەی کوردایەتیە، ئەم بزووتنەوەیە بەپیی ماهیەتی خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەو ناکۆك بە خواستو ئامانجە رادیکالو پیشکەوتوانەکانی خەلك، بوار بە دەخالەتی ئازادانەو هوشیارانەی خەلك نادات. دەوری خەلكو دەخالەتی خەلك لە قاموسی ئەم بزووتنەوەیەدا هیچ جیگایەکی نیە. بەندوبەستی ژیربەژیرو دور لە چاوی خەلك، سازانو هەراج کردنی بە نهینی مافەکانی خەلك، دەست تیکەلکردنو کلکایەتی بۆ دەولەتانی کۆنەپەرست، نەریتی سیاسیو شیوازی سەرەکی حیزبەکانی ئەم بزووتنەوەیە بووە بە دریژایی میژوویان. چونکە مەرامو ستراتیژو ئامانجەکانی ئەوان لەگەل دەخالەتو گویکرانەوەی خەلکدا نایەتەوە. بۆ نمونە ئەوان ئیستا دژی جیابونەوەی کوردستانن، چونکە ستراتیژی خۆیان بە سیاسەتی ئەمریکاوە گریداوە، بەندو بەستو سازان لەگەل هیزەگۆنەپەرستەکانی سەر ساحەی عیراقی ریگای گەیشتنی ئەوانە بە مەرامەکانیان، ئەمەش لەگەل خواستی خەلكو ئیرادەی خەلك نایاتەوە، ئەگەر ئەمرۆ ریفراندۆم بکریت هیچ گومان لەوە نیە خەلك دەنگدەدەن بە جیابونەوە نەك فیدرالیزمو هاوپەیمانی لەگەل سیستانیو حەکیمو جعفریو شیخ عەشیرە ناسیونالیستە عەرەبەکان. ئەمە بنەمای سەرەکی گرفتی ئەوانە لەگەل ریفراندۆمو راپرسیو دەخالەتدانی خەلك. تەنها ئەوکاتەی توانیان سیاسەتی خۆیان بە زۆرەملی بەسەر خەلکدا  بسەپینن، ئینجا سیناریۆی وەرگرتنی پەنجەمۆری خەلك بەرپا دەکەنو ناوی دەنین "هەلبژاردنو دەخالەتی خەلكو...)

ئیستاش یەکیتیو پارتی بۆ فەرزکردنی خواستەکانی خۆیان لە دەستوری فاشیانەی پیشنیارکراودا، پیویستیان بەوە هەیە کە دووبارە هەرایەك بۆ ریفراندۆم بەرپبخەنو بۆ ئەم مەبەستەش دیسان "بزووتنەوەی ریفراندۆم"یان هیناوەتەوە مەیدان. ئەم بزووتنەوەیە بۆ چەندەمین جار بە کردەوە سەلماندنی کە جگە لە ئامرازیکی دەستی یەکتیو پارتی، جگە لە دەمامکیك بۆ ئەوانو قەبلاندنی سیاسەتە چەوتەکانی ئەوان بە خەلك هیچی تر نیە. لەلایەکی ترەوە یەکتیوپارتی  دلی خەلك بەوە دەدەنەوە کە بەپیی دەستوری پیشنیاری دوای 8 سال تەجروبەکردنی ژیانی فیدرالی لەگەل دەولەتی مەرکەزی، ئەوکات ریفراندۆم دەکریت بۆ بریاردان لەسەر دریژەدانی ئەو تەجروبەیە یان جیابوونەوە. بەلام ئەم حیزبانە جگە لەوەی خۆیان لە ناوەرۆکدا دژی ریفرندۆمن، گومانیان لەوەش نیە کە هاوپەیمانە ئیسلامیو قەومیەکانی عیراقیان هەرگیز باوەریان بە سەلماندنی هیچ مافیکی خەلکی کوردستان نیە. 8 سال بۆ ئەوە نیە کە جاریکی دیکە پیکەوەژیان لەگەل دەولەتی مەرکەزی تەجروبە بکریتو گوایە بە نیازبن تەجروبەیەکی شیرینی وا نیشانبدەن کە خەلکی کوردستان جیابونەوەیان لە بیربچیتەوە، بەلکو بۆ ئەوەیە کە لەم 8 سالەدا ئەوەندە پایەکانی دەسالەتی خۆیانو دامودەزگای سەرکوتیان بەهیز بکەن، کە خەلکی کوردستان نەتوانن باسی ریفرانۆدمو مافەکانی خۆیان بکەن. بۆ ئەوەیە ئەگەر خەلکی کوردستان باسی ئەم مەسەلانەیان کرد ئەنفالو کیمیابارنیان بکەن. مسعود بارزانی بە دەمی خۆی دانی بەوەدا ناوە کە ئەگەر هاوپەیمانەکانی بۆیان بکریت، دیسانەوە خەلکی کوردستان ئەنفال دەکەن. بۆیە تا ئەو جیگایەی بە خەلکی کوردستانو مەسەلەی ریفراندۆمو مافەکانی دیکەیان دەگەریتەوە، وەکو رۆژی رووناك ئاشکرایە کە سیناریوی داسەپاندنی دەستور پیلانیکی زۆر خەتەرناکە لە دژی خەلکی کوردستان. خەلکی کوردستان نابی ریگا بە بەریوەچونی ئەم پیلانە بدەن، نابێ فرسەت لە دەست بدەن، نابێ بە هیچ فریوکاریەکی ناسیونالیزمی کورد خۆشباوەری پەیدا بکەن. خواستی خەلكو مافی خەلكو ئامانجی خەلك رۆشنو ئاشکراو دیارە، بۆ ژیانیکی شادو ئازادو دور لە ستەمو هەلاواردنو هەرەشەی سەرکوتو ئەنفال، دەبێ برژینە مەیدانو ئەم دەستورە فاشیانەیەو گالتەجاری ریفراندۆم بۆ بریاردان لەسەر دەستور تورهەلدەنو بیخەنە گۆرەوەو داوای بەرپاکردنی ریفراندۆم بکەن بۆ جیابوونەوە.